# بەرەکەت وپیرۆزی دادەبەزێتە نێو ناوەڕاستی خواردن، بۆیە لە لێوارەکانیەوە بیخۆن، ولە ناوەڕاستیەوە مەیخۆن

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەرەکەت وپیرۆزی دادەبەزێتە نێو ناوەڕاستی خواردن، بۆیە لە لێوارەکانیەوە بیخۆن، ولە ناوەڕاستیەوە مەیخۆن».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئادابێک لە ئادابەکانی خواردن ڕووندەکاتەوە لەسەر دەوریەکی گەورە یان بچووک بێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە خواردن لە لێوارەکانی دەوریەکەوە -قاپەکەوە-، ونابێت لە ناوەڕاستیەوە خواردن بخوات؛ چونکە بەرەکەت وپیرۆزی دادەبەزێتە نێو ناوەڕاستی خواردن، ولە بەرەکەتی خواردن ئەوەیە: - خواردنێکی کەم بەشێکی خەڵکانێکی زۆر بکات. - بەردەوامی خواردنەکە؛ ئەگەر هەندێک لە خواردنەکە نەخورا بێت ئەوا بە پاکی دەمێنێتەوە چونکە دەستی لێنەدراوە، بۆیە ئەوانەی لە پاشدا دێن دەتوانن بیخۆن وسوودی لێوەربگرن، بەڵام ئەگەر لە ناوەڕاستەوە خواردن دەستپێبکات؛ ئەگەر کەسێک لە پاشی بێت ناتوانێت بیخوات چونکە تێکەڵ بووە بەسەریەکدا ولەوەیە نەفسی حەزی لێنەکات، بۆیە خواردنەکە فڕێدەدرێت ئەگەرچیش زۆر بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58121